# وەقایعی کوردستان


## ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢١٨) سالی حەڤدەم ١٤/ کانونی یەکەم/٢٠١٧ زاینیی ٢٣ / سەرماوەرز/ ٢٧١٧کوردی ٢٦/ رەبیعی یەکەم / ١٤٣٩ کۆچی

218


## لەم ژمارەیەدا :


یاسای ژمارە (٣)ی سالی ٢٠١٧ ل ١

یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە

ژمارە (٨٧)ی سالی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

بڕیاری ژمارە (٨)ی سالی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ل ٤

دەست لەکار کێشانەوە و دانانی چەند ئەندامێکی پەرلەمان لە لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

بڕیاری ژمارە (٩)ی سالی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ل ٥

پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆلینەوە بۆ ڕووداوەکانی دوزخورماتوو

بڕیاری ژمارە (١١٩)ی سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ٦

هەموارکردنی خشتەی ڕەسمەکانی هاوپێچی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو

بڕیاری ژمارە (١٢٠)ی سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١٠

وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی)

بڕیاری ژمارە (١٢١)ی سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١٢

ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن و لە بریدانان بۆ مووچەخۆر (نشر و فصل)

بڕیاری ژمارە (١٢٢) / پەیڕەوی ژمارە (٥)ی سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١٣

پەیڕەوی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان — عێراق

بڕیاری ژمارە (١٢٣)ی سالی ٢٠١٧ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ل ١٨

پەسەندکردنی (نەخشە ڕێگای پەرەپێدان و چاکسازی لە کەرتی بەڕێوەبردنی چۆنیەتیی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک لە هەرێمی کوردستان )

پەیڕەوی (١)ی سالی ٢٠١٧ دیوانی چاودێری دارایی ل ١٩

هەمواری یەکەمی پەیرەوی ناوخۆی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ژمارە (١) ی سالی ٢٠١٤

ڕێنمایی ژمارە (٢٥)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی دارایی و ئابووری ل ٢٠

ڕێنمایی سوودی دواکەوتنی پێشینەی خانووبەرە

فەرمانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠١٧ پەرلەمانی کوردستان ل ٢١

هەلبژاردنی ئەندامی پەرلەمان (تەلار لطیف محمد) بە بڕیاردەری لیژنەی یاسایی

بەیانی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی داد ل ٢٢

بەیانی ژمارە (٤٩ — ٥٠ – ٥١)ی سالی ٢٠١٧ وەزارەتی تەندروستی ل ٢٢



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.

☎:(٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Publishing by Ministry of Justice

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢١٨) السنة السابعة عشرة ١٤/ كانون الأول/ ٢٠١٧ ميلادي ٢٣/ سەرماوەرز/ ٢٧١٧كوردي ٢٦/ ربيع الأول /١٤٣٩هجري


**218**

## في هذا العدد:


| | |
|---|---|
| قانون رقم (٣) لسنة ٢٠١٧ | ص ٢٤ |
| قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان ـ العراق | |
| قرار رقم (٨) لسنة ٢٠١٧ برلمان كوردستان - العراق | ص ٢٦ |
| قبول استقالة و اضافة اعضاء برلمان من عضوية اللجان برلمان كوردستان ـ العراق | |
| قرار رقم (٩) لسنة ٢٠١٧ برلمان كوردستان - العراق | ص ٢٧ |
| تشكيل لجنة للتحقيق وتقصي الحقائق لاحداث دوزخورماتو | |
| قرار رقم (١٢٢) / نظام رقم (٥) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٢٨ |
| نظام تشكيل المجالس البلدية في اقليم كوردستان - العراق | |
| أمر رقم (١) لسنة ٢٠١٧ برلمان كوردستان - العراق | ص ٣٢ |
| انتخب عضوة البرلمان السيدة (تەلار لطيف محمد) مقرراً للجنة شؤون قانوني | |

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط

| | |
|---|---|
| قرار رقم (١١٩) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ٦ |
| قرار رقم (١٢٠) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١٠ |
| قرار رقم (١٢١) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١٢ |
| قرار رقم (١٢٣) لسنة ٢٠١٧ رئاسة مجلس الوزراء | ص ١٨ |
| نظام رقم (١) لسنة ٢٠١٧ ديوان رقابة المالية | ص ١٩ |
| تعليمات رقم (٢٥) لسنة ٢٠١٧ وزارة المالية والاقتصاد | ص ٢٠ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠١٧ وزارة العدل | ص ٢٢ |
| بيان رقم (٤٩- ٥٠- ٥١) لسنة ٢٠١٧ وزارة الصحة | ص ٢٢ |



No. 218 Date : December , 14 , 2017 Vol.: 17

مطبعة نازة



العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ :(٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و بەدەر لە حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢)ی ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاری دەرچوواندنی ئەم یاسایەی دا:**

## یاسای ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٧

## یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ( ٨٧ )ی ساڵی ١٩٧٩ هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی ( ١ ):**

**ماددەی (سێ یەم) لە یاسای بەکرێدانی خانووبەرەی ژمارە (٨٧) ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق لە کار دەوەستێنرێت، ئەمەی خوارەوە جێگای دەگرێتەوە:**

**یەکەم: ئەو گرێبەستانەی بە کرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون کە دوای ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون ، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.**

**دووەم: ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ مەبەستی نیشتەجێ بوون یان غەیری نیشتەجێ بوون پێش ٢٠٠٨/٧/١٥ گرێ دراون و،ماوەکەیان کۆتایی پێهاتووە، دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠) ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو، بەمەرجی پابەندکردنی (الزام) بە کرێدەر و کرێچی بە گرێدانی گرێبەستێکی بەکرێدانی نوێ کە ماوەکەی لە چوار ساڵ کەمتر نەبێت، بەکرێ یەك کە هەردوو لا لەسەری ڕێك دەکەون.**

**ماددەی ( ٢ ):**

**یەکەم: ئەگەر هەردوو لایەنی گرێبەستەکە ڕێك نەکەوتن لەسەر بڕی کرێ کە بەپێی ماددەی (١/دووەم) لەم یاسایە داهاتووە، هەردوو لایەن یان لایەکیان مافی هەیە پەنا بەرێتە بەر دادگاکانی بەرایی بۆ مەبەستی دیارکردنی بڕی کرێ کە لە ڕێگەی لیژنەیەك کە پێك دێت بە سەرۆکایەتی دادوەری دادگاکە و ئەندامێتی نوێنەری هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری خانووبەرەی تایبەتمەند و بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی تایبەتمەند.**

**دووەم:** بڕیاری لیژنەی پێك هێنراو بە پێی بڕگەی (یەكەم)ی ئەم ماددەیە شیاوی پێداچوونەوەیە لە لایەن دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەكە بە سیفەتی پێداچوونەوە لە ماوەی ( ١٥) پانزە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای دەرچوونی بڕیارەكە، و بڕیاری دەرچوو بە بن بڕ دادەنرێت.

**ماددەی ( ٣ ):**

**یەكەم:** حوكمی ماددەكانی (١) و ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە جێ بەجێ دەكرێت بەسەر ئەو داوایانەی كە لەبەردەم دادبینەدان یان بڕیاری چۆڵكردنیان بۆ دەرچووە وە پلەی بن بڕیان وەرنەگرتووە.

**دووەم:** وەستاندنی جێبەجێكردنی (ایقاف تنفیذ) حوكمەكانی چۆڵ كردن كە پلەی بن بڕیان وەرگرتووە، بەپێی حوكمەكانی یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ دەرچوون لە ماوەی بەركاربوونی، جێبەجێ كراون (منفذة) لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی جێبەجێ كردن.

**ماددەی ( ٤ ):**

ماددەی (چوارەم) لە یاسای بەكرێدانی خانوو بەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەمواركراو لە هەرێمی كوردستان - عێراق لەكار دەوەستێنرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

**یەكەم:** نابێ ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوكمەكانی ماددەی (١/دووەم) ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەم ڕێژانەی خوارەوە زیاتربن:

١- (٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی بۆ نیشتەجێ بوون ئامادەكراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەكرێ دەدرێن.

٢-(٦٪) شەش لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی كە ژوور، ژوور بۆ نیشتەجێ بەكرێ دەدرێن .

٣- (٦٪) شەش لە سەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان شوققانەی كە بۆ مەبەستی غەیری نیشتەجێ بەكرێ دەدرێن .

**دووەم:** مەبەست لە بەهای گشتی خانووبەرە لەم یاسایەدا كۆی بەهای زەوییەكەو بیناكەیە لەو كاتەدا كە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیخەمڵێنێ.

**ماددەی ( ٥ ):**

یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٠ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی ( ٦ ):**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناكرێت كە لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایەدا ناكۆك بێت.

**ماددەی ( ٧ ):**

**پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( ٨ ):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت، لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

## هۆیەکانی دەرچوواندن

**بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکاری و گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی هاتۆتە ئاراوە ، لە پێناوی هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێدان و بۆ ڕەخساندنی زەمینەسازی لە بار بۆ گەشەپێدانی وەبەرهێنان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٨**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٧/١٢/٦**

**بڕیاری ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٧**

پاڵپشت بە حوکمی ماددەکانی (٣٩ و ٤٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان- عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی لە رۆژی ٢٠١٧/١٢/٦دا ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم:** قبوولکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە، لەو لیژنانەی خوارەوە:

١ـ (بهزاد درویش درویش) لە ئەندامیەتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ونیشتەجێکردن.

٢ـ (بهار عبدالرحمن محمد) لەئەندامیەتی لیژنەی کاروباری کۆمەلگای مەدەنی.

٣ـ (شیلان جعفر علی) لەئەندامیەتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان.

٤ـ (ئاری محمد هەرسین) لەئەندامیەتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان وقوربانیانی جینۆساید وزیندانیانی سیاسی.

**دووەم:** زیادکردنی ئەم ئەندامانەی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق کە ناویان لە خوارەوەدا هاتووە لەو لیژنانەی خوارەوە:

١ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (ایوب عبدالله رسول) بۆ سەر لیژنەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری وئاودێری وبەنداوەکان.

٢ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (بهزاد درویش درویش) بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەلگای مەدەنی).

٣ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (بەهار عبدالرحمن محمد) بۆ سەر لیژنەی مافەکانی مرۆڤـــ .

٤ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (شیلان جعفر علی) بۆ سەر لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید و زیندانی سیاسی.

٥ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (مصطفى احمد حمد) بۆ سەر لیژنەی (ئەوقاف وکاروباری ئایینی).

٦ـ زیاد کردنی ئەندامی پەرلەمان (گۆران محمود اسماعیل) بۆ سەر هەردوو لیژنەی (وەرزش و لاوان) ولیژنەی (پیشەسازی و ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان).

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٧/١٢/٦ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**

**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٩**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٧/١٢/٦**

**بڕیاری**
**ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠١٧**

**بەپێی حوکمی ماددەکانی ( ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ و ٥٠ )ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ بڕیاریدا بە:**

**یەکەم: پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی راستییەکان (تقصی الحقائق) بۆ رووداوەکانی دوزخورماتوو.**

**دووەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/٦ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**سـەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥١١٢ لە ٢٠١٧/١١/٢٦**

## بڕیـاری
## ژمارە (١١٩)ی ساڵی ٢٠١٧

**پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمـی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی کرێ و ڕسوومات و سزا داراییەکانی تایبەت بە بواری تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارنامە بازرگانییەکان لە هەرێمـی کـوردستان ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە نووسراویان ژمارە (٢٣٧٠) لە ٢٠١٧/٧/١٧، و لە پێناوی کارئاسانی بۆ دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و بریکارە بازرگانیەکان لە هەرێمی کوردستان بە تێچوویەکی گونجاو و پرۆسەیەکی ئاسان دوور لە ڕۆتین بە ڕەچاوکردنی پێوەرە نێودەوڵەتییە کارپێکراوەکان لەم بوارە، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە بەرواری ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٨) لە ڕۆژی ٢٠١٦/٥/٢ بەم شێوەیەی خوارەوە:**

**١- هەمواركردنی خشتەی ڕەسمەکانی هاوپێچی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (٢٠٩) لە یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو، و بەپێـی خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی (خشتەی ڕەسمەکانی یاسای کۆمپانیاکان ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو) هاتووە کە لە (١٣) سیانزە بڕگە پێکهاتووە و بەبڕگەی ژمارە (١) (تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٣) (ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو) کۆتایی دێت.**

**٢- فەرمانگەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کرێی پێویست وەردەگرێت لە کۆمپانیا نیشتمانییەکان و لق و نووسینگەی کۆمپانیا و دامەزراوە بیانییەکان و بریکارەکانی بازرگانی و بریکارەکانی تۆمارکردن و کەسەکان لە بەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکرێت بەپێـی خشتەی ژمارە (٢)ی هاوپێچی ئەم بڕیارە بە ناونیشانی ( کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ) هاتووە کە لە (١٢) دوانزە بڕگە پێکـهاتووە و بە بڕگەی ژمارە (١) (وردبینـی بەڵگەنامەکان و گرێبـەستی سەرجەم کۆمپانیاکان ) دەست پێدەکات و بە بڕگەی ژمارە (١٢) (ئەنجامدانی کۆبوونەوەی دەستەی گشتی لە باڵەخانەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان) کۆتایی دێت.**

٣- ڕاسپاردنی هەردوو بەڕێزان وەزیری بازرگانی و پیشەسازی بەوەکالەت و سکرتێری ئەنجومەنی ئابووری بۆ پەیوەندیکردن و کۆبوونەوە لەگەڵ یەکێتیی ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دراسەکردنی هەموو ئەو یاسا و ڕێنمایانەی لە بواری وەرگرتنی ڕەسم و کرێ لەلایەن ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستاندا کاریان پێدەکرێت و داڕشتنەوەیان بە جۆرێك لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و ڕەچاوی تێبینی و سەرنجی تیمی بانکی نێودەوڵەتی بکرێت بە ئاڕاستەی کارئاسانی بۆ بازرگانان و کۆمپانیاکان بکرێت و تێچووی دامەزراندن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و دەستبەسەرداگرتنی ناوی بازرگانی گونجاو بێت لە پێناوی هاندانی کەرتی تایبەت و ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ بازرگانی و وەبەرهێنان.

٤- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بە هەماهەنگی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

٥- کار بە هیچ بڕیار و ڕێنماییەکی دارایی ناکرێت دژ بە ئەحکامەکانی ئەم بڕیارە بێت.

٦- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکەن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## خشتەی ژمارە (١)

## خشتەی ڕەسمەکانی یاسای کۆمپانیاکان

## ژمارە (٢١)ی ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو

| ژ | جۆر | بڕی ڕەسم (بە ژمارە) | بڕی ڕەسم (بە نووسین) |
|---|---|---|---|
| ١ | تۆمارکردنی کۆمپانیای خۆماڵی | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | پوول و سەرمایە بۆ هەر یەك ملیۆن دینار بۆ کۆمپانیای خۆماڵی | ٤,٥٠٠ | چوار هەزار و پێنج سەد دینار |
| ٣ | کردنەوەی لقی کۆمپانیاکانی بیانی | ٢٠٠,٠٠٠ | دوو سەد هەزار دینار |
| ٤ | دەرکردنی بڕیاری هەموارکردنی کۆمپانیاکان | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٥ | تۆمارکردنی کۆمپانیای هاوپشک | ٣٠٠,٠٠٠ | سێ سەد هەزار دینار |
| ٦ | زیادکردنی سەرمایەی کۆمپانیا بۆ هەر یەك ملیۆن دینار | ٢,٥٠٠ | دوو هەزار و پێنج سەد دینار |
| ٧ | دەرکردنی بڕیاری پاکتاوکردن | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٨ | تۆمارکردنی بریکارنامەی بازرگانی | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٩ | دەرکردنی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٠ | نوێکردنەوەی مۆڵەتی بریکارنامەی بازرگانی | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ١١ | کەشفی تۆماری عمولات | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ١٢ | داخستنی پەڕاوی عمولات | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |
| ١٣ | ڕاستاندنی تۆماری پێشکەشکراو | ١٠,٠٠٠ | دە هەزار دینار |

## خشتەی ژمارە (٢)

## کرێی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

## لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

| ژ | جۆر | بڕی کرێ | |
|---|---|---|---|
| | | (بە ژمارە) | (بە نووسین) |
| ١ | وردبینی بەڵگەنامەکان و گرێبەستی سەرجەم کۆمپانیاکان | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٢ | وردبینی ژمێرکاری ساڵانەی کۆمپانیاکان | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٣ | بڵاوکردنی بڕیارەکان و داوەتنامەکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٤ | دراسەتکردنی گرێبەستی دامەزراندنی کۆمپانیاکانی هاوپشک و لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری | ١٠٠,٠٠٠ | سەد هەزار دینار |
| ٥ | پشکنینی بارەگاکانی کۆمپانیا لە ناو شارەکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٦ | پشکنینی بارەگاکانی کۆمپانیا لە دەرەوەی شارەکان | ٥٠,٠٠٠ | پەنجا هەزار دینار |
| ٧ | ڕاوێژی تایبەت بە تۆمارکردنی کۆمپانیا | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٨ | پەسەندکردنی گرێبەست و بەڵگەنامەکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ٩ | مامەڵەی دامەزراندنی بەڕێوەبەری ڕێپێدراو | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٠ | داواکاری پشتگیری | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١١ | ئامادەبوونی نوێنەر لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی کۆمپانیا | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |
| ١٢ | ئەنجامدانی کۆبونەوەی دەستەی گشتی لە باڵەخانەی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان | ٢٥,٠٠٠ | بیست و پێنج هەزار دینار |

**سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥١١٣ لە ٢٠١٧/١١/٢٦**

## بڕیـاری
## ژمارە ( ١٢٠ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمــی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی ئەحکامی ماددەی دووەم لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، و یاسای بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٣١)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی و پاراستنی هاووڵاتییان لەو مەترسییانەی کە لە ئەنجامی جگەرەکێشاندا تووشیان دەبێت و پاکڕاگرتنی ژینگە، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی تەندروستی لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢١) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١/١٢، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە:

١- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەسەر ئەو کاڵایانەی کە لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە و زیانبەخشن بە تەندروستی مرۆڤ، ئەوانەی لە ناوخۆدا بەرهەمدەهێنرێن و ئەوانەشی کە هاوردە دەکرێن.

٢- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) بە ڕێژەی (٥٪) لە سەدا پێنج دەبێت لەسەر گشت بابەتەکانی تووتن و جگەرە و بەرهەمە لێوەرگیراوەکانیان (المشتقات) کە لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتوون، و ئەو کاڵایانە لە کاتی هاوردەکردنیاندا بەگوێرەی پۆلێنی هاتوو لە پێناسەی گومرگی و ڕێنماییە گومرگییە بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان مامەڵە دەکرێن، بەم شێوەیەی لە خشتەی ژمارە (١)ی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتووە.

٣- لە کاتی هاوردەکردنی ئەو بابەت و کاڵایانەی لەم بڕیارەدا ئاماژەیان پێدراوە، (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) وەردەگیرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گومرگ، و نرخی بابەت و کاڵاکانیش لە کاتی هاوردەکردنیاندا دەبێتە بناغەی وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی).

٤- ( ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی ) شیاو دەبێت لە کاتی تۆمارکردنی وەك کاڵایەکی بەکاربردن، واتە لەگەڵ شایستەبوونی ڕسووماتی گومرگی، و (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) دەچێتە ژێر باری هەموو یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە گومرگییەکانەوە کاریان پێ دەکرێت.

٥- وەرگرتنی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگییەوە دەبێت و داهاتەکەی لە ژمێرەی گەنجینەدا دادەنرێت.

**٦- تۆمارکردنی داهاتەکانی بەدەستهاتوو لە (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لە بڕگەیەکی سەربەخۆ بە ناوی (داهاتەکانی ڕەسمی هاوردەکردن) دەبێت و تەواوی ئەم داهاتە خەرج دەکرێت بۆ مەبەستەکانی بەرەنگاربوونەوەی جگەرەکێشان و نێرگەلە لە پێناوی پاراستنی تەندروستیی هاوولاتییان.**

**٧- لە کاتی هەبوونی بەرهەمی ناوخۆیی، بۆ مەبەستەکانی ئەم بڕیارە (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) لەسەر نرخی فرۆشتنی کالاکە لەسەر بەرهەمهێنەر و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی گومرگییەوە وەردەگیرێت.**

**٨- وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی ڕێنمایی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و ئاسانکاری جێبەجێکردنی دەردەکات.**

**٩- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.**

**١٠-ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێت.**

**نێچیـرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**خشتەی ژمارە (١)**

**ئەو بابەت و کالایانەی کە (ڕەسمی بەکارهێنانی ناوخۆیی) دەیانگرێتەوە**
**بە گوێرەی پێناسەی گومرگی**

| ز | کالا | بەش | ناونیشانی گومرگی | یەکە | ڕێژەی (ڕەسمی بەکاربردنی ناوخۆیی) (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | جگەرە | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٢ | جگەرەی بیانی | ١٥ | ١ | کارتۆن | %٥ |
| ٣ | جگەرەی لەف (Rolling paper) | ١٥ | ٨ | کگم | %٥ |
| ٤ | تووتنی بۆنداری نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٥ | تووتنی نێرگەلە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٦ | تووتنی پایپ | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٧ | تووتنی چاککراوە | ١٥ | ١٥ | کگم | %٥ |
| ٨ | بەرهەمەکانی تری تووتن | ١٥ | ٢٢ | کگم | %٥ |
| ٩ | چرووت (Cigar) | ١٥ | ٢٦ | کگم | %٥ |
| ١٠ | جگەرەی ئەلکترۆنی | ١٥ | ٢٨ | سێت | %٥ |
| ١١ | تووتنی خاوی چانەککراوە | ١٧ | ١٦ | کگم | %٥ |

**سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥١١٤ لە ٢٠١٧/١١/٢٦**

## بڕیـاری
## ژمارە ( ١٢١ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشتبەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٥) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٢٠، بڕیاردرا بە:-

١- ڕاگرتنی دانان و دامەزراندن و لە بریدانان بۆ مووچەخۆر (نشر و فصل) لە گشت بوارەکان کە پارە لە بودجەی گشتی وەردەگرێت لەژێر هەر ناو و ناونیشانێکدا بێت، و بە هەر شێوەیەك لە (مووچە، دەرماڵە، بەخشین، هاوکاریی، خانەنشینی، مووچەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە مووچەخۆری مەدەنی و سەربازیی و هێزەکانی ئاسایش و ئاسایشی ناوخۆ و مووچەخۆری هەمیشەیی و کاتی و گرێبەستیشەوە)، لە کاتی چۆڵبوونی میلاکی هەر مووچەخۆرێك بە هیچ شێوەیەك و لە ژێر هیچ پاساوێکدا جێگەکەی پڕناکرێتەوە، و هەر بڕیار و فەرمانێکیش بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دەربچێت کاری پێناکرێت و بە هەڵوەشاوە دادەنرێت و ئەو کەسەشی بە پێچەوانەی ئەم بڕگەیە دادەنرێت هیچ مافێکی ناکەوێت و ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبێتەوە.

٢- وەزارەتی دارایی و ئابووری و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە، و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٣- وەزارەتی دارایی و ئابووری دەتوانێت بەپێی پێویست و بە هەماهەنگی فەرمانگەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەردەکات.

**نێچیـرڤان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥٣١٥ لە ٢٠١٧/١٢/١٠**

**بڕیـاری**
**ژمارە (١٢٢)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (٣٥) لە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، و لەبەر ڕۆشنایی ئەحکامی بڕگەی (٤) لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٣٦)ی گرێدراو لە ٢٠١٧/١١/٢٧، بڕیاری دەرچوواندنی ئەم پێڕەوەی خوارەوەی دا:**

**پێڕەوی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٧**
**پێڕەوی پێکهێنـانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی یەکەم :**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە لە هەر شوێنێکی ئەم پێڕەوە هاتبن:**

**یەکەم:** هەرێم: هەرێمی کوردستان- عێراق.

**دووەم:** ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

**سێیەم:** وەزیر: وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار.

**چوارەم:** ئەنجومەن: ئەنجومەنی شارەوانی.

**پێنجەم:** سەرۆك: سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی.

**شەشەم:** جێگری سەرۆك: جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی.

**حەوتەم:** ئەندام: ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی.

**هەشتەم:** ئەنجومەنی پارێزگا: ئەنجومەنی ئەو پارێزگایەی کەوا شارەوانییەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕییەکەی.

**نۆیەم:** یاسا: یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ١٩٩٣ی هەموارکراو.

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم:** پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی و دەستنیشانکردنی ئەندامەکانی لە لایەن ئەنجومەنی ئەو پارێزگایە دەبێت کەوا شارەوانییەکە دەکەوێتە سنووری کارگێڕییەکەی، و لەسەر پێشنیاری دەسەڵاتی کارگێڕی.

**دووەم:** ژمارەی ئەندامانی هەر ئەنجومەنێك بەگوێرەی پۆلینکراوی شارەوانییەکان دەبێت بەپێی ئەوەی لە هەردوو ماددەی چوارەم و هەژدەمی یاسادا هاتوون بەو مەرجەی ژمارەی ئەندامەکان لە (٥) پێنج ئەندام کەمتر نەبێت و لە (١٧) حەڤدە ئەندامیش زیاتر نەبێت.

**ماددەی سێیەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەنی شارەوانی لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ئەندامان پێکدێت.

**دووەم:** سەرۆك بەڕێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن لەئەستۆ دەگرێت و سەرۆکایەتی کردنی دانیشتنەکانی دەکات و پیادەی کارەکانی دەکات بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی لە یاساو لەم پێڕەوەدا پێی دراوە.

**سێیەم:** جێگری سەرۆك شوێنی سەرۆك دەگرێتەوە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەنجومەن لە کاتی ئامادەنەبوونی و ئەو کارانە لەئەستۆ دەگرێت کە لە لایەن ئەنجومەنەوە پێی دەسپێردرێت و ئەو دەسەڵاتانەی پێی دراوە پیادە دەکات.

**ماددەی چوارەم:**

لەگەڵ ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی دووەمی ئەم پێڕەوە دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی لەوانەی خاوەن کارامەیی و پسپۆڕایەتین بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** نوێنەرانی فەرمانگە حکومییەکان لە یەکە کارگێڕییەکان بەو مەرجەی ڕێژەی (٤٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پێکبهێنن.

**دووەم:** نوێنەرانی یەکێتیی و سەندیکاو ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەو مەرجەی ڕێژەی (٦٠٪)ی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن پێکبهێنن.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەمانەی خوارەوە مەرجن بۆ ئەو کەسەی وەك سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی یان جێگری سەرۆك یان ئەندام تیایدا دەستنیشان دەکرێت:

**یەکەم:** پێویستە هەر یەکە لە سەرۆك و جێگری سەرۆك تەمەنی سیساڵیان تەواو کردبێت و بەلای کەم هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بەرایی بن لە ئەندازیاری یان یاسا یان بەڕێوەبردن و ئابووریی، یان ئەوەی هاوتایانە، و خاوەنی لێهاتەیی یاسایی بن.

**دووەم:** پێویستە ئەندامی ئەنجومەن تەمەنی سی ساڵی تەواو کردبێت و هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیی بێت بۆ ئەو ئەنجومەنانەی لە یەکە کارگێڕییەکان پێکدەهێنرێن و هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی بنەڕەتی بێت بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانەی دیکە، و خاوەنی لێهاتەیی یاسایی بێت.

**سێیەم:** پێویستە ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

**چوارەم:** پێویستە پێگەو ناوبانگی باش بێت و بە تاوانێکی ئابڕوبەر یان زیندانیکردن لە تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست یان دزی حوکم نەدرا بێت و بەشداری نەکردبێت لە یەکێك لەو تاوانانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامی داوە.

**ماددەی شەشەم:**

**یەکەم:** تاکە کەسێکی دیارکراو نابێت ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان ئەندام لە زیاتر لە یەك ئەنجومەنی شارەوانی، وە مەرجە پەیوەندی خزمایەتی تا پلەی چوارەم لە نێوان سەرۆك و جێگرەکەی و ئەندامانی یەك ئەنجومەنی شارەوانی نەبێت.

**دووەم:** نابێت نێوانی ئەندامێتیی ئەنجومەنی شارەوانی و ئەندامێتیی هەر ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو بەپێی یاسا، کۆ بکرێنەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

ماوەی خولی ئەنجومەن چوار ساڵە بەپێی حوکمەکانی یاسا.

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** ئەنجومەن بەلای کەم یەك دانیشتنی ئاسایی لە هەفتەیەکدا گرێ دەدات و دانیشتنەکانی بە ئاشکرا دەبن.

**دووەم:** سەرۆکی ئەنجومەن یان دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامەکانی بۆیان هەیە بانگهێشتی کۆبوونەوەی نائاسایی بکەن، بەو مەرجەی کۆبوونەوەکە تەنها بڕوانێت لەو بابەتانەی لە بانگهێشتنامەکە دیارکراون و گشت ئەندامەکان لەم بارەیەوە بەر لە یەك رۆژ لە گرێدانی کۆبوونەوەکە پێڕاگەیاندنیان بۆ دەکرێت.

**سێیەم:** سەرۆکی ئەنجومەن بۆی هەیە هەر فەرمانبەرێك یان کەسێکی دیکە بانگهێشت بکات بۆ ئامادەبوون لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزاییەکانیان.

**چوارەم:** نابێت هیچ بابەتێك کە لە خشتەی کارنامەکان نەهاتبێت بخرێتەڕوو یان گفتوگۆی لەسەر بکرێت تەنها ئەگەر بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان بێت.

**پێنجەم:** ئەندامی ئەنجومەن بۆی هەیە بابەتێکی نەهاتوو لە خشتەی کارنامەکان بخاتەڕوو ئەگەر زەرووڕی بێت دوای رەزامەندی سەرۆك.

**شەشەم:** دانیشتنەکان بە ئاشکرا دەبن تەنها ئەگەر بارودۆخ پێچەوانەکەی بخوازێت لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان دوو لەسەر سێی ئەندامان دوای رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان.

**ماددەی نۆیەم:**

**یەکەم:** ژمارەی یاسایی کۆبوونەوە بە ئامادەبوونی زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن تەواو دەبێت و بە پێچەوانەی کۆبوونەوەکە بۆ رۆژی دواتری دوادەخرێت و ئەوساکە ژمارەی یاسایی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت.

**دووەم:** لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆك ئەوا جێگرەکەی سەرۆکایەتی کردنی دانیشتنەکان لەئەستۆ دەگرێت.

**سێیەم:** بڕیارەکان لە ئەنجومەن بە رەزامەندی زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەکان وەردەگیرێت وە ئەگەر دەنگەکان یەکسان بوون ئەوا ئەو لایەنە پێشدەخرێت کە سەرۆکی تێدایە.

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا لیژنەی هەمیشەیی یان کاتیی لە ئەندامەکانی پێکبهێنێت، و بۆی هەیە پشت ببەستێت بە کەسانی خاوەن شارەزایی و پسپۆڕیی لە بوارەکانی کاری ئەنجومەن.

**ماددەی یازدەم:**

**یەکەم:** ئەندامێتی لە ئەنجومەن لەم حاڵەتانەی خوارەوە کۆتایی پێدێت:

١- كۆتاییهاتنی ماوەی خولی ئەنجومەن.

٢- كۆچی دواییكردنی ئەندام.

٣- ئەگەر ئەندام تووشی پەككەوتەییەكی هەمیشەیی یان كەمئەندامیی یان نەخۆشییەكی ترسناك بێت و ببێتە بەربەست لە بەجێگەیاندنی كارەكانی پاڵپشت بە بڕیارێكی دەركراو لە لیژنەیەكی پزیشكی تایبەتمەند.

دووەم: ئەندامێتی لە ئەنجومەن بە بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا لەم حاڵەتانەی خوارەوە كۆتایی پێدێت:

١- دەستلەكاركێشانەوەی ئەندام، وە دەستلەكاركێشانەوەكەش بەركار دادەندرێت لە رێكەوتی دەرچوونی بڕیاری قەبولكردنی لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە بە زۆرینەی ئەندامەكانی.

٢- ئەگەر مەرجێك لە مەرجەكانی ئەندامێتی هاتوو لە ماددەی پێنجەمی ئەم پێڕەوە لە دەست بدات.

٣- لەسەركارلادانی ئەندام بەهۆی ئامادەنەبوونی كۆبوونەوەكانی ئەنجومەن سێ جاری یەك لە دوای یەك بەبێ پاساوێكی ڕەوا، وە لە دوای ئامادەنەبوونی دووەمی ئەندام هۆشداری ئاراستە دەكرێت بەو مەرجەی كۆی گشتی حاڵەتەكانی ئامادەنەبوونی (١٢) دوازدە جار تێپەڕ نەكات لە ماوەی خولی ئەنجومەن.

سێیەم: حوكمەكانی هاتوو لە هەردوو بڕگەی یەكەم و دووەمی ئەم ماددەیە لەسەر هەر یەكە لە سەرۆك و جێگری سەرۆك پیادە دەكرێن.

چوارەم: ئەگەر ئەندامێتی یەكێك لە ئەندامانی ئەنجومەن بەتاڵ بێت ئەوا شوێنگرەوەكەی بەپێی حوكمەكانی ئەم پێڕەوە دەستنیشان دەكرێت.

**ماددەی دوازدەم:**

یەكەم: ئەنجومەن بە هەڵوەشاوە دادەندرێت ئەگەر زیاتر لە نیوەی ژمارەی ئەندامەكانی ئەندامێتی خۆیان لەدەست بدەن.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە ئەنجومەنی شارەوانی لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵبوەشێنێتەوە:

١- پێشێلكاری گەورە لەو كارو ئەركانەی پێی سپێردراوە.

٢- ئەگەر مانەوەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێت.

٣- ئەگەر ئەنجومەن دەستەوەستان بێت لە بەجێگەیاندنی ئەركەكانی.

٤- لە حاڵەتی پێشێلكردنی دەستوور یان سەرپێچیكردنی یاساكان.

سێیەم: ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە لیژنەیەكی كاتیی پێكبهێنێت و كارەكانی ئەو ئەنجومەنەی هەڵوەشێندراوەتەوەی پێ بسپێرێت، وە ئەنجومەنێكی نوێ پێكدەهێنرێت ئەگەر ماوەی مایەوە لە شەش مانگ زیاتر بێت.

**ماددەی سێزدەم:**

١- لە حاڵەتی یەكخستنی دوو شارەوانی یان زیاتر لە ئەنجامی فراوان بوونی سنوورەكانیان و گەیشتنیان بە یەكتری، و پێكهێنانی شارەوانییە نوێیەكە ئەوا ئەو حوكمانەی لە یاساو لەم پێڕەوەدا هاتوون پیادە دەكرێن.

٢- لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی شارەوانی ئەوا ئەو حوکمانەی لە یاسادا هاتوون پیادە دەکرێن.

**ماددەی چواردەم:**

ئەنجومەن بۆی هەیە لە کاتی پێویستیدا هەندێك لە دەسەڵاتەکانی بەپێی یاسا بداتە سەرۆکی شارەوانی.

**ماددەی پازدەم:**

ئەنجومەنی شارەوانی تایبەتکاریی و دەسەڵاتەکانی خۆی بەپێی حوکمەکانی یاسا پیادە دەکات بەو مەرجەی ناکۆك نەبێت لەگەڵ حوکمەکانی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩.

**ماددەی شازدەم:**

ماف و جیاوکەکانی سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ئەندامان بە رێنمایی دیار دەکرێن کەوا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریی دەری دەکات.

**ماددەی حەڤدەم:**

ئەم پێڕەوە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

## هۆیە پێویستکارەکان

لەبەر بەرکاربوونی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان بەپێی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٠٩، وە لەبەر ئەوەی ئەرکی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی شارەوانی دراوەتە ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان بەپێی ماددەی (٣٥)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩، ئەوا ئەم پێڕەوە دەرچووێندرا.

**سـەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ٥٣١٦ لە ٢٠١٧/١٢/١٠**

## بڕیـاری
## ژمارە ( ١٢٣ )ی ساڵی ٢٠١٧

پشتبەستن بە ئەحکامی ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو , و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٣٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١١/٢٧ , و لەسەر پێشنیاری وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار , بڕیاردرا بە :

١- پەسەندکردنی (نەخشە ڕێگای پەرەپێدان و چاکسازی لە کەرتی بەڕێوەبردنی چۆنیەتیی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك لە هەرێمی کوردستان ) کە مەبەست لێی ڕاگرتنی پاکوخاوێنی زیاتری شارەکانی هەرێمی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و هۆشیارکردنەوە , و چارەسەرکردنی پاشماوە تەندروستییەکان و زبڵ و خاشاکە بەسیستەمێکی پێشکەوتوو لە پێناو ژینگەیەکی خاوێنتر و تەندروستدا ، و وێنەیەکی پوختەی نەخشە ڕێگاکە هاوپێچی ئەم بڕیارەیە .

٢- ڕاسپاردنی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بۆ دانانی پلانی جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر بە تایبەتی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە و وەزارەتی تەندروستی و پەروەردە و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان و دامەزراوەی نێودەوڵەتییەکان و ئەو ڕاوێژکارە بیانییانەی کە هاوکاری وەزارەت بوون لە ئامادەکردنی نەخشە ڕێگاکە .

٣- پێویستە لەسەر وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزاری بەڕاپۆرتێکی دەوری ئەنجوومەنی وەزیران لە بەرەوپێشچوون و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی نەخشە ڕێگاکە ئاگادار بکاتەوە .

٤- وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**نێچیـرڤـان بـارزانی**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**دیوانی چاودێری دارایی**

**ژمارە: ٨٣٥/٤/٢ لە ٢٠١٧/١١/١٦**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٢٢) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٤) لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و بڕیاری ئەنجوومەنی چاودێری دارایی خاڵی (چوارەم) لە کۆنووسی دانیشتنی هەشتەم لە ٢٠١٧/٢/٨ بڕیاردرا بە هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤:-

**پەیڕەوی (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

**هەمواری یەکەمی پەیرەوی ناوخۆی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٤**

١- زیاد کردنی بڕگەی (ي) لە ماددەی ﴿ (چوارەم) بڕگەی (چوار)﴾ کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە .

ی - ( پشکنین و وردبینی ئەو سەرپێچیانەی کە لە لایەن دەستەکانی چاودێری فەرمانگەوە دەستنیشان دەکرێن بە مەبەستی دڵنیابوون کە ئەو سەرپێچیانە بەپێی ڕێکارە یاساییەکان دیاری کراون )

٢- زیادکردنی بڕگەی (ي) لە ماددەی ( نۆیەم/شەشەم/خاڵی(٤)) کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە .

ی- (پشکنین و وردبینی ئەو سەرپێچیانەی کە لە لایەن دەستەکانی چاودێری فەرمانگەوە دەستنیشان دەکرێن بەمەبەستی دڵنیابوون کە ئەو سەرپێچیانە بە پێی ڕێکارە یاساییەکان دیاری کراون )

٣- ئەم پەیرەوە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت وە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**خالد هادی چاوشلی**

**سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: (١٥٠٦٢) لە ٢٠١٧/١٢/٥**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٤٤٨) لە ٢٠١٧/٨/٩ و ئاماژە بە هەردوو ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٠ و ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

## ڕێنمایی دارایی ژمارە( ٢٥ )
## سوودی دواکەوتنی پێشینەی خانووبەرە

١- سزای دواکەوتنی گەڕانەوەی پشکە شایستەکانی پێشینەی خانووبەرە لەسەر ڕەسیدی پشکەکە وەردەگیرێت بەم شێوەی خوارەوە:-

پشکی شایستەی دواکەوتوو × ڕێژەی (١٠٪) سوودی دواکەوتن ÷ (٣٦٠) ڕۆژ × ماوەی دواکەوتنی گەڕانەوە بەڕۆژ بۆ نمونە:-

پشکی شایستەی گەڕانەوەی (١٢٥٠٠٠٠) یەك ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بێت و ماوەی دواکەوتنی (١٥) ڕۆژ بێت ١٢٥٠٠٠٠× ١٠٪ ÷ ٣٦٠ × ١٥= ٥,٢٠٨ پێنج هەزار و دووسەد و هەشت دینار

٢- کار بە ڕێنمایی ژمارە (١) ی ساڵی /٢٠١٤نەکرێت و ڕابگیرێت .

٣- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەت بەوەکالەت**

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە
پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
ژمارەی فەرمان: ١
مێژووی فەرمان: ٣/ ١٢/ ٢٠١٧

فەرمان

پشت بە بڕیاری ژمارە (٤)ی دەرچووی ڕۆژی ٢٠١٤/٥/٧ ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ، و بەپێی حوکمی بڕگە (٣) لە ماددەی (٣٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمان ،

- ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (تەلار لطیف محمد) هەڵبژێردرا بە بڕیاردەری لیژنەی یاسایی .

جعفر إبراهيم ئێمینکی
جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

**وەزارتی داد**

**ژمارە: ( ٨٨٣ ) لە ٢٠١٧/١٢/٤**

**بەیانی**

**ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٧**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-**

- **کردنەوەی فەرمانگەی داواکاری گشتی لە سنوری ئیداری ڕاپەرین .**

**نەورۆز مەولود محەمەد أمین**
**وەزیری داد بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :**

**بەیانی**

**ژمارە ( ٤٩ )ی ساڵی ٢٠١٧**

- **کردنەوەی (هۆبەی نەخۆشیە درێژخایەنەکان ) لە نەخۆشخانەی خەلیفان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٤ .**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :**

## بەیانی

### ژمارە ( ٥٠ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **کردنەوەی ( هۆبەی توێژینەوەی زانستی ) لەدیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٦ .**

## بەیانی

### ژمارە ( ٥١ )ی ساڵی ٢٠١٧

- **گۆڕینی ناوی (بنکەی تەندروستی سەرکارێز) بەپێی بەیانی ژمارەی (٣٦) لە٢٠١٧/٧/٣١ بۆ ( بنکەی تەندروستی شەهید سۆران ) لە گەرەکی سەرکارێز سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە رێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٦ .**

**د. ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیـری تەندروستی**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بـأسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**إستناداً لحكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسـنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان ، واستثناءاً من أحكام القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الاعتيادية المرقمة (٢) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٧/١٢/٦ تشريع القانون الآتي :**

## قانون رقم ( ٣ ) لسنة ٢٠١٧
## قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار
## رقم ( ٨٧ ) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان ـ العراق

**المادة ( ١ ) :**

**يوقف العمل بالمادة (الثالثة) من قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل ، في إقليم كوردستان ـ العراق ، ويحل محلها ما يأتي :**

**أولاً: تخضع عقود إيجار العقار المبرمة بعد ٢٠٠٨/٧/١٥ لأغراض السكنى أو لغير السكنى ، لأحكام القانون المدني رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ المعدل .**

**ثانياً: تخضع عقود إيجار العقار المبرمة قبل ٢٠٠٨/٧/١٥ لأغراض السكنى أو لغير السكنى والمنتهية مدتها، لأحكام القانون المدني رقم (٤٠) لسنة ١٩٥١ المعدل ، بشرط إلزام المؤجر والمستأجر بإبرام عقد إيجار جديد لا تقل مدته عن أربع سنوات ، وبأجرة يتفق عليها الطرفان .**

**المادة ( ٢ ) :**

**أولاً: إذا لم يتفق طرفا العقد على مقدار الأجرة بموجب المادة (١/ ثانياً) من هذا القانون ، يحق لكلا الطرفين أو لأحدهما اللجوء إلى محاكم البداءة لغرض تحديد مقدار الأجرة من خلال لجنة تشكل برئاسة قاضي المحكمة وعضوية ممثل عن كل من مديرية التسجيل العقاري المختصة ومديرية ضريبة العقار المختصة .**

**ثانياً: يكون قرار اللجنة المشكلة بموجب الفقرة (أولاً) من هذه المادة قابلاً للتمييز لدى محكمة استئناف المنطقة بصفتها التمييزية خلال مدة (١٥) خمسة عشر يوماً من اليوم التالي لصدور القرار، ويكون القرار الصادر باتاً.**

**المادة ( ٣ ) :**

**أولاً: تطبق أحكام المادة (١) والمادة (٢) من هذا القانون على الدعاوى التي لا تزال قيد المرافعة أو التي صدر فيها قرار التخلية ولكنها لم تكتسب درجة البتات .**

**ثانياً: يوقف تنفيذ أحكام التخلية المكتسبة درجة البتات ، والصادرة بموجب أحكام القانون رقم (٩) لسنة ٢٠٠٨ خلال فترة نفاذه، والمنفذة في مديريات التنفيذ .**

**المادة ( ٤ ):**

**يوقف العمل بالمادة (الرابعة) من قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل ، في إقليم كوردستان ـ العراق ، ويحل محلها ما يأتي :**

**أولاً: لا تتجاوز الأجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام المادة (١/ثانياً) من هذا القانون ، النسب الآتية :**

**١- (٤٪) أربعة في المائة من القيمة الكلية للعقارات أو الشقق المعدة للسكنى والمؤجرة لهذا الغرض .**

**٢- (٦٪) ستة في المائة من القيمة الكلية للعقارات أو الشقق المؤجرة على شكل غرف للسكنى .**

**٣- (٦٪) ستة في المائة من القيمة الكلية للعقارات أو الشقق المؤجرة لغير أغراض السكنى .**

**ثانياً: يقصد بالقيمة الكلية للعقار لأغراض هذا القانون مجموع قيمة الأرض والبناء وقت التقدير الذي تجريه السلطة المالية تنفيذاً لأحكام هذا القانون .**

**المادة ( ٥ ):**

**يلغى القانون رقم (٩) لسنة ٢٠٠٨، والقانون رقم (١٦) لسنة ٢٠١٠ .**

**المادة ( ٦ ):**

**لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون .**

**المادة ( ٧ ):**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون .**

**المادة ( ٨ ):**

**ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره ، وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**

**الأسباب الموجبة**

**مع الأخذ بنظر الاعتبار التغيرات والمشاكل الاقتصادية والاجتماعية الحاصلة ، ومن أجل تحقيق العدالة والتوازن بين مصلحة طرفي عقد الإيجار ولغرض تهيئة الأرضية الملائمة لتنمية الاستثمار والاستقرار الاجتماعي ، فقد شرع هذا القانون .**

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ٨**
**تاريخ القرار: ٢٠١٧/١٢/٦**

## قــرار
## رقم ( ٨ ) لسنة ٢٠١٧

استناداً الى حكم المادتين (٣٩ و ٤٤) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر البرلمان بجلسته المرقمة (٢) والمنعقدة بتأريخ ٢٠١٧/١٢/٦ الآتي:

**اولاً:** قبول استقالة اعضاء برلمان كوردستان ـ العراق المدرجة اسماءهم ادناه من عضوية اللجان الاتية :

١ـ (بهزاد درويش درويش) من عضوية لجنة الاعمار والاسكان .

٢ـ (بهار عبدالرحمن محمد) من عضوية لجنة شؤون المجتمع المدني .

٣ـ (شيلان جعفر علي) من عضوية لجنة الشؤون الاجتماعية والطفل والاسرة .

٤ـ (ئارى محمد هەرسين) من عضوية لجنة شؤون البيشمرگه والشهداء وضحايا الجينوسايد وسجناء السياسيين.

**ثانياً:** اضافة اعضاء برلمان كوردستان ـ العراق المدرجة اسماءهم ادناه الى اللجان الاتية .

١ـ اضافة عضو البرلمان (ايوب عبدالله رسول) الى لجنة الزراعة وتربية الحيوانات والري والسدود.

٢ـ اضافة عضو البرلمان (بهزاد درويش درويش) الى لجنة شؤون المجتمع المدني.

٣ـ اضافة عضوة البرلمان (بهار عبدالرحمن محمد) الى لجنة حقوق الانسان.

٤- اضافة عضوة البرلمان (شيلان جعفر علي) الى لجنة شؤون البيشمرگه والشهداء وضحايا الجينوسايد وسجناء السياسيين.

٥ـ اضافة عضو البرلمان (مصطفى احمد حمد) الى لجنة الاوقاف والشؤون الدينية.

٦ـ اضافة عضو البرلمان (گۆران محمود اسماعيل) الى اللجنتين الاتيتين، لجنة (الرياضة والشباب) ولجنة ( الصناعة والطاقة والموارد الطبيعية).

**ثالثاً:** ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/١٢/٦ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**

بسم الله الرحمن الرحيم

**بـأسم الشعب**

**برلـمان كوردستـان ـ العراق**

**رقم القرار: ٩**

**تـاريخ القرار: ٢٠١٧/١٢/٦**

## قــرار

## رقم (٩) لسنة ٢٠١٧

استناداً الى المواد (٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان المرقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، قرر برلمان كوردستان في جلسته الاعتيادية المرقمة (٢) ليوم ٢٠١٧/١٢/٦ مايلي:

**اولاً**: تشكيل لجنة للتحقيق وتقصي الحقائق لاحداث دوزخورماتو.

**ثانياً**: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٧/١٢/٦ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**

**نـائب رئيس برلـمان كوردستـان – العراق**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم : ٥٣١٥ في ٢٠١٧/١٢/١٠**

**قرار**

**رقم ( ١٢٢ ) لسنة٢٠١٧**

إستناداً لأحكام المادة (٣٥) من قانون المحافظات لإقليم كوردستان - العراق رقم (٣) لسنة ٢٠٠٩، وفي ضوء أحكام الفقرة (٤) من المادة الثامنة من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءًا على إقتراح وزارة البلديات والسياحة، قرر مجلس الوزراء في اجتماعه الإعتيادي المرقم (٣٦) والمنعقد في ٢٠١٧/١١/٢٧ إصدار النظام الآتي :

**نظام رقم ( ٥ ) لسنة ٢٠١٧**

**نظام تشكيل المجالس البلدية في إقليم كوردستان - العراق**

**المادة الأولى :**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازاءها أينما وردت في هذا النظام :

**أولاً** : الإقليم : إقليم كوردستان - العراق .

**ثانياً** : مجلس الوزراء : مجلس وزراء الإقليم .

**ثالثاً** : الوزير : وزير البلديات والسياحة في الإقليم .

**رابعاً** : المجلس : المجلس البلدي .

**خامساً** : الرئيس : رئيس المجلس البلدي .

**سادساً** : نائب الرئيس : نائب رئيس المجلس البلدي.

**سابعاً** : العضو : عضو المجلس البلدي .

**ثامناً** : مجلس المحافظة : مجلس المحافظة التي تقع البلدية ضمن حدودها الإدارية.

**تاسعاً**: القانون : قانون إدارة بلديات إقليم كوردستان - العراق رقم (٦) لسنة ١٩٩٣ المعدل .

**المادة الثانية :**

**أولاً** : يتم تشكيل المجالس البلدية واختيار أعضائها من قبل مجلس المحافظة التي تقع البلدية ضمن حدودها الإدارية وبناءًا على اقتراح السلطة الإدارية.

**ثانياً** : يكون عدد أعضاء كل مجلس حسب أصناف البلديات وفق ما جاء في المادتين الرابعة والثامنة عشرة من القانون على أن لا يقل عدد الأعضاء عن (٥) خمسة ولا يزيد على (١٧) سبعة عشر عضواً .

**المادة الثالثة :**

**أولاً** : يتكون المجلس البلدي من الرئيس ونائب الرئيس والأعضاء.

**ثانياً** : يتولى الرئيس إدارة شؤون المجلس ويترأس جلساته ويمارس أعماله وفق الصلاحيات المخولة له في القانون وهذا النظام.

**ثالثاً** : يحل نائب الرئيس محل الرئيس في إدارة شؤون المجلس عند غيابه ويتولى الأعمال التي يكلف بها من قبل المجلس ويمارس الصلاحيات المخولة له.

**المادة الرابعة :**

مع مراعاة أحكام المادة الثانية من هذا النظام يتم اختيار أعضاء المجلس البلدي من ذوي الكفاءة والاختصاص على النحو الآتي :

**اولاً** : ممثلين عن الدوائر الحكومية في الوحدة الإدارية على أن يشكلوا (٤٠٪) من عدد أعضاء المجلس.

**ثانياً** : ممثلين عن الاتحادات والنقابات والمنظمات غير الحكومية على أن يشكلوا (٦٠٪) من عدد أعضاء المجلس.

**المادة الخامسة :**

يشترط فيمن يتم اختياره رئيساً للمجلس البلدي أو نائباً للرئيس أو عضواً فيه ما يأتي :

**اولاً** : أن يكون كلاً من الرئيس ونائب الرئيس قد أكمل الثلاثين من عمره وحائزاً على شهادة جامعية أولية في الهندسة أو القانون أو الإدارة والاقتصاد، أو ما يعادلها على الأقل ومتمتعاً بالأهلية القانونية.

**ثانياً** : أن يكون عضو المجلس قد أكمل الثلاثين من عمره وحائزاً على الشهادة الإعدادية للمجالس المشكلة في الوحدات الإدارية و حائزاً على شهادة التعليم الأساس لمجالس البلديات الأخرى ومتمتعاً بالأهلية القانونية .

**ثالثاً** : أن يكون عراقي الجنسية .

**رابعاً** : أن يكون من ذوي المكانة والسمعة الحسنة وأن لا يكون محكوماً عليه في الجرائم المخلة بالشرف أو بالسجن في جريمة القتل العمد أو السرقة ولم يشارك في إحدي الجرائم التي قامت بها السلطة الدكتاتورية ضد شعب كوردستان .

**المادة السادسة :**

**اولاً**: لا يجوز للشخص الواحد أن يكون رئيساً أو نائباً للرئيس أو عضواً في أكثر من مجلس بلدي، ويشترط عدم وجود صلة قرابة حتى الدرجة الرابعة بين الرئيس ونائبه والأعضاء في المجلس البلدي الواحد .

**ثانياً**: لا يجوز الجمع بين عضوية المجلس البلدي وعضوية أي من المجالس المنتخبة قانوناً.

**المادة السابعة :**

تكون مدة دورة المجلس أربع سنوات وفق أحكام القانون.

**المادة الثامنة :**

**اولاً**: يعقد المجلس جلسة اعتيادية واحدة في الأسبوع على الأقل وتكون جلساته علنية .

**ثانياً**: لرئيس المجلس أو ثلثي عدد أعضائه الدعوة إلى اجتماع استثنائي، على أن يقتصر الاجتماع على النظر في الموضوعات المحددة في الدعوة ويبلغ جميع الأعضاء بذلك قبل يوم واحد من انعقاده .

**ثالثاً**: لرئيس المجلس دعوة أي موظف أو أي شخص آخر حضور جلسات المجلس لغرض الاستفادة من خبراتهم.

**رابعاً**: لا يجوز عرض أي موضوع لم يدرج في جدول الأعمال ومناقشته إلا بموافقة أغلبية الأعضاء الحاضرين .

**خامساً:** لعضو المجلس عرض موضوع غير وارد في جدول الأعمال إذا كان ضرورياً بعد موافقة الرئيس.

**سادساً:** تكون الجلسات علنية إلا إذا تطلبت الظروف غير ذلك بإقتراح من الرئيس أو ثلثي الأعضاء وذلك بعد موافقة أغلبية الحاضرين .

**المادة التاسعة :**

**اولاً:** يكتمل النصاب القانوني للاجتماع بحضور أغلبية ثلثي أعضاء المجلس وبخلافه يؤجل الاجتماع إلى اليوم التالي وحينئذ يكتمل النصاب بحضور أغلبية الأعضاء .

**ثانياً:** عند غياب الرئيس يتولى نائبه رئاسة الجلسات .

**ثالثاً:** تتخذ القرارات في المجلس بموافقة أغلبية الأعضاء الحاضرين وإذا تساوت الأصوات يرجح الجانب الذي فيه الرئيس .

**المادة العاشرة :**

للمجلس أن يشكل عند الاقتضاء لجاناً دائمة أو مؤقتة من بين الأعضاء، وله الاستعانة بذوي الخبرة والاختصاص في مجالات عمل المجلس .

**المادة الحادية عشرة :**

**اولاً:** تنتهي العضوية في المجلس في الحالات الآتية :

١- انتهاء مدة دورة المجلس.

٢- وفاة العضو.

٣- إذا أصيب العضو بعاهة مستديمة أو بعجز أو مرض خطير يمنعه من أداء عمله بناءًا على قرار صادر من لجنة طبية مختصة .

**ثانياً :** تنتهي العضوية في المجلس بقرار من مجلس المحافظة في الحالات الآتية :

١- إستقالة العضو، و تعد الإستقالة نافذة من تاريخ صدور القرار بقبولها من مجلس المحافظة بأغلبية الأعضاء .

٢- إذا فقد شرطاً من شروط العضوية الواردة في المادة الخامسة من هذا النظام .

٣- إقالة العضو بسبب عدم حضوره اجتماعات المجلس ثلاث مرات متتالية بدون عذر مشروع ، ويوجه إليه انذار بعد الغياب الثاني على أن لا يتجاوز مجموع حالات الغياب (١٢) اثنتي عشرة حالة خلال دورة المجلس.

**ثالثاً :** تسري الأحكام الواردة في الفقرتين الأولى والثانية من هذه المادة على كل من الرئيس ونائب الرئيس.

**رابعاً :** إذا شغرت عضوية أحد أعضاء المجلس يتم اختيار البديل عنه وفق أحكام هذا النظام.

**المادة الثانية عشرة :**

**اولاً:** يعتبر المجلس منحلاً إذا فقد أكثر من نصف عدد الأعضاء عضويتهم.

**ثانياً :** لمجلس الوزراء بناءًا على توصية مجلس المحافظة حل المجلس البلدي في الحالات التالية :

١- الاخلال الجسيم بالأعمال والمهام الموكلة إليه.

٢- إذا كان بقاؤه مضراً بالمصلحة العامة.

٣- إذا أصبح المجلس عاجزا عن أداء مهامه.

٤- في حالة خرق الدستور أو مخالفة القوانين.

**ثالثاً:** لمجلس المحافظة تشكيل لجنة مؤقتة تناط بها أعمال الـمجلس المنحل، ويتم تشكيل مجلس جديد إذا كانت المدة المتبقية تزيد على ستة أشهر.

**المادة الثالثة عشرة :**

١- تطبق في حالة توحيد بلديتين أو أكثر نتيجة توسع حدودها واتصالها ببعضها البعض، وتشكيل البلدية المحدثة ما ورد من أحكام في القانون وهذا النظام.

٢- تطبق في حالة إلغاء البلدية ما ورد من أحكام في القانون.

**المادة الرابعة عشرة :**

للمجلس عند الاقتضاء تخويل بعض صلاحياته بموجب القانون إلى رئيس البلدية .

**المادة الخامسة عشرة :**

يمارس المجلس البلدي اختصاصاته وصلاحياته بموجب أحكام القانون بما لا يتعارض مع أحكام قانون المحافظات لإقليم كوردستان – العراق رقم (٣) لسنة ٢٠٠٩.

**المادة السادسة عشرة :**

تحدد حقوق وامتيازات رئيس المجلس ونائبه والأعضاء بتعليمات تصدرها وزارة البلديات والسياحة بالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد.

**المادة السابعة عشرة :**

ينفذ هذا النظام من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**نيچيرڤان بارزانى**
**رئيس مجلس الوزراء**

## الأسباب الموجبة

نظراً لنفاذ قانون المحافظات لإقليم كوردستان – العراق رقم (٣) لسنة ٢٠٠٩، واجراء الانتخابات لمجالس المحافظات بموجب قانون انتخاب مجالس المحافظات والأقضية والنواحي في إقليم كوردستان - العراق رقم (٤) لسنة ٢٠٠٩، ولإناطة مهام تشكيل المجالس البلدية إلى مجالس المحافظات وفق المادة (٣٥) من قانون رقم (٣) لسنة ٢٠٠٩ فقد شرع هذا النظام .

بسم الله الرحمن الرحيم

**بأسم الشعب**

**برلمان كوردستان ـ العراق**

**رقم الأمر: ١**

**تاريخ الأمر: ٢٠١٧/١٢/٣**

**أمر**

**رقم (١) لسنة٢٠١٧**

**استناداً الى قرار برلمان كوردستان ـ العراق رقم (٤) الصادر بتأريخ ٧/٥/ ٢٠١٤وحكم الفقرة (٣) من المادة (٣٩) من النظام الداخلي للبرلمان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ،**

**- انتخب عضوة البرلمان السيدة (تەلار لطيف محمد) مقرراً للجنة شؤون قانوني.**

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان - العراق**